# پێویستە حاڵەتەکانی خۆکوشتن پێش ئەوەی ببێ بە دیاردە کۆنترۆڵ بکرێ

**خودکوژی یان خۆکوشتن، وەک هەر حاڵەتێک لە حاڵەتە ترسناکەکان، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرەو وێستگەیەکی نادیار و مەترسیدار دەبات، گەرچی خۆکوشتن لەهەرێمی کوردستان نەبۆتە دیاردە، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێ فاکتەری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کوردستانی خۆشماندا ئەو حاڵەتە دووبارە و چەندبارە دەبێتەوە، بۆیە کۆمەڵناسان و دەروونناسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە بەهەموو لایەک ڕێکارەکانی بەرەنگاری و نەهێشتنی حاڵەتەکانی خۆکوشتن بدۆزنەوەو پێش ئەوەی ببێتە دیاردە هەوڵی بنبڕکردنی بدەن.**



لەماوەی رابردوو لە هەرێمی کوردستان چەند حاڵەتی خۆکوشتن روویدا، دووبارەبوونەوەی حاڵەتەکانی خۆکوشتنیش بێگومان زەنگێکی مەترسیدارە و دەبێت پێش ئەوەی ببن بە دیاردە، بۆ چارەسەر و نەهێشتنی کاری بەپەلە بکرێ.

**کەموکورتییەکان چین؟**

هێمن فەرید چالاکوانی مەدەنی، لە سەرەتای قسەکانیدا بۆ (گوڵان) هێما بۆ ئەوە دەکات کە خۆکوشتن لەهەرێمی کوردستان نەبۆتە دیاردە تاکو ئێستاش داتایەکی ئەوەندە ڕوون و زانستی نییە کە پشتی پێ ببەسترێ بۆ ئەوەی بزانرێ لەساڵێکدا چەند کەس خۆی کوشتووە، بەڵام راو سەرنجەکانی لەم چەند خاڵەدا خستەڕوو:

١- کەمی داتای زانستی لەسەر کەیسی کوشتن و ونکردنی کۆمەڵێك داتا.

زۆرجار کۆمەڵێك کەس هەیە دەکوژرێن بەدەستی خانەوادەکەیان بەبیانووی پاککردنەوەی شەرەف لەناو دەبردرێن، پاشان تۆمەتی خۆکوشتنیان دراوەتە پاڵ بەتایبەت رەگەزی مێینە.

٢- نەبوونی لیژنەی تەندروست و کەسی کاراو ڕاهێندراو لەسەر ئامێرە پێکشەوتووەکان و دەستنیشانکردنی شێوە و جۆری خۆکوشتنەکە.

٣- کەمی ئامێر و تەکنولۆژیای پێشکەوتوو.

ئەوانە هەمووی هۆکارن کە ئێمە ئامارو داتای فەرمیی و زانستیمان

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی

کەم بێت بۆ کەیسەکانی تایبەت بە خۆکوشتن.

## لەئاستی دنیا تەمەنی خۆکوژان لەنێوان ١٦ تا ٣٥ ساڵیدایە

هێمن فەرید ئاماژە بەوە دەکات کە تەمەن هۆکارێکی سەرەکییە بۆ خۆکوشتن، چونکە لەهەموو دنیا ئەوانەی خۆیان دەکوژن تەمەنیان لەنێوان ١٦ تا ٣٥ ساڵییەو بە دەگمەن جیاوازن لەو تەمەنانەی کە باسمان کرد، هۆکارەکەشی ئەوەیە کەسی خۆکوژ نەیتوانیوە خوێندنەوەیەکی تەندروست بۆ ژیان بکات و وادەزانێت ژیان تەنیا خۆشییە و ناخۆشی تیدا نییە، ئەوەش هۆکارێکە بۆ بێزاربوون لەژیان و ململانێ کردن لەگەڵ کێشەکان، هۆکارێکی تر بێ هێزی و بێتوانایی ئەو کەسەی کەناتوانێت کێبرکێ لەگەڵ ویست و ئارەزووەکانی خۆی بکات، جیاوازی جینایەتی هۆکارێکی دیکەی خودکوژییە، لەکۆمەڵگە دواکەتووە دیکتاتۆریەکان کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان تاکەکان هەست پێدەکرێت، ئەوەش هۆکارێکی ترە بۆ ئەوەی هەست بکات کە کەسێکی پلەنزمە لەناو کۆمەڵگە، ئاستی رۆشنبیری کەسەکان کاریگەری لەسەر خۆکوشتن هەیە، لەداتایەك هاتووە تا ئێستا لەکۆریا ساڵانە زیاتر لە ١٨٠کەس خۆیان دەکوژن، هیچ کات پزیشك و پارێزەر و وەرزشکارو هونەرمەندی تێدا نەبووە، زۆرینەیان لەکارگەرو کۆمپانیاکان کاریان کردووە، بۆیە حکومەتی کۆریا بریاریداوە بەزۆری هەموو کەسێك تا قۆناخی زانکۆ بخوێنێت، لەو وڵاتانەی ئاسایش بەرقەرار نییە خۆکوشتن بە رێژەیەکی بەرز روو لەو وڵاتە دەکات، لەزۆر لەو وڵاتانەی پاش ماوەی جەنگن، رێژەی خۆکوشتن لەناویان باوە و رێژەکەیان بەرزترە، هەروەها لایەنی دەروونی و سایکۆلۆژی نائارامی دەروونی بە هەر هۆکارێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، یان ئاسایش بێت، پاڵنەرێکی دیکەی خۆکوشتنە، زۆرێکیش لەو کەسانە بەهۆی رۆتینیات لەژیان و بێ هیوایی لەکارەکانیان رووبەرووی خۆکوشتن دەبنەوە.

## رێکارەکانی چارەسەر

سەبارەت بە چارەسەری هێمن فەرید ئاماژە بەوە دەکات کە لەزۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان رێژەی خۆکوشتن ئەوەندە کەمی کردووە تا وای لێهاتووە رێژەکەی بەرەوە نەمان دەچێت، ئەویش بەم هەنگاوانەی خوارەوە:

١- پرۆگرامی تایبەت بەتوانا مرۆییەکان گەشە پێدانی مرۆیی بەتایبەت پرۆگرامی تایبەت لە قوتابخانەکان.

٢- ئارامی لایەنی ئاسایشی نەتەوەیی هۆکارێکی ترە کە تاك هەست بەئارامی دەکات لەو وڵاتەی تێیدا دەژیت.

٣- نەبوونی جیاوازی و بوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە هەموو ئاستەکان یانی یاسا بۆهەموو کەسێك بەبێ جیاوازی

٤- نەبوونی کێشەی خۆراك و پێداویستییە سەرەتاییەکان و بژێوی ژیان و هاوسەنگی مووچە لەگەڵ بازاڕ.

٥- ئارامی دەروونی کردنەوەی قوتابخانەو پەیمانگاو کۆمەڵگەی پزیشکی تایبەت بە ئارامی دەروونی و چارەسەری نەخۆشییە دەروونییەکان.

٦- کردنەوەی رێکخراوی تایبەت بە نەخۆشییە دەروونیەکان بەخۆبەخشی بەبێ پارە تا هەموو کەسێك بتوانێت بەخۆڕایی کێشەی دەروونی خۆی چارەسەر بکات.

## پەنگخواردنی حاڵەتە دەروونییەکان

یوسف عوسمان پسپۆڕێکی دەروونناسە و هۆکارەکانی خۆکوشتن و خۆهەڵواسین بۆ «پەنگخواردنی حاڵەتە دەروونییەکانی کەسێك لە ناخیدا و دەستەوەستان لە چارەسەر و رێگەچارە و هەڵاتن لە واقیع و پەنابردن بۆ رەشترین خاڵی لاواز» دەگێڕێتەوە، وتیشی «لە رووی دەروونییەوە ئەوانەی کە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، ماوەیەکی زۆر خەریکی گفتوگۆ بوون لەگەڵ خودی خۆیان و نەگەیشتوونەتە هیچ دەرەنجامێکی وەها و لە ئەنجامدا فشارێکی دەروونییان لەسەر دروست دەبێت و ژینگەیەکی گونجاویش شك نابەن، تا بەهانایانەوە بێت بۆ ئەوەی لەو پەنگخواردنانەی ناخیان رزگاریان بکات، ئەو کەسەی کە خۆی دەکوژێت یا هەڵدەواسێت، بەشێوەیەکی گشتی نائومێدییەکی زۆر باڵی بەسەر دەروونی کێشاوە و بڕوای بەخۆی نەماوە و خۆکوشتن وەك چارەیەك بۆ رزگاربوون لەو گرفتە دەزانێت کە تێی کەوتووە» وتیشی «چارەسەرییە دەروونییەکان بۆ ئەو کەسانەی کە هەوڵی خۆکوشتن و هەڵواسین دەدەن، بریتییە لە پێدانی راوێژی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاینی بۆیان، روونکردنەوە و ئاسانکردنی گرفتەکان، بواردان پێیان کە نیازی دڵیان بکەنەوە و ئەندامانی خێزان ماوەیەك هاوکارییان بکەن لە خزمەتکردن و گەیاندنی پەیامی خۆشەویستی، نەرمی نواندن لەگەڵیان و توندوتیژی نەنواندن تا کاردانەوەی خراپتر لێیان روونەدات».

## باری ئابووری و کاریگەرییەکانی لەسەر خۆکوشتن

رۆژنامەنووس و شارەزای ئابووری هێمن بابان رەحیم، بواری ئابووری بە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی خۆ کوشتن دەزانێت و دەڵێت «لە ئێستادا لەگەڵ ئەو پێشڤەچوونەی لە بواری ئابووریدا هەرێمی کوردستان بەخۆوەی دەبینێت. فشاری داراییەکان کە بە پلەی یەکەم لەسەر پیاوان زۆر زیادی کردووە. ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەکان بە هەموو شێوەیەك و لە رادەیەکی زۆر لە پێوەر بەدەر. هەڵبەت ئەمەش یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئەو خەونانەی گەنج هەیەتی لەدابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆ خۆی و خانەوادەکەی، ئەمەش وا دەکات ئەو بیرکردنەوەیە کەڵەکە بێت و بەهۆی کەڵەکەبوونی بیری خراپ لە مێشکی کەسەکاندا چەندین فۆڵدەری نێگەتیڤ دروست دەبێت و دواجار خۆ کوشتن بە دەربازبوون لەو کێشانە دەزانرێت. واتە بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری ئابووری کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر بەشێکی ئەو خۆکوشتنانەوە هەیە کە لە دنیادا هەن، هەڵبەت بەهۆی جیهانگیرییەوە کوردستانیش لەوە بەدەر نییە. هەمیشە لەم جۆرە کێشە و رووداوانە ئابووری فاکتەری بەهێزە، بۆیە دەبێت لایەنە بەرپرسەکان بۆ ژیانی گونجاوتر و باشتر بۆ گەنج بگەڕێن، چونکە ئێستا بەهۆی بێ کاری و نەبوونییەوە چەندین گەنج ناچارن پەنا بۆ ئیشی خراپ ببەن».

**زۆربەی ئەوانەی خۆیان دەکوژن ژینگەیەکی گونجاو شك نابەن، تا بەهانایانەوە بێت بۆ ئەوەی لەو پەنگخواردنانەی ناخیان رزگاریان بکات**

**زۆربەیان بەهۆی رۆتینیات لەژیان، بێ هیوایی لەکارەکانیان و نزمی ئاستی هوشیارییان پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن**

**لەکۆریا ساڵانە زیاتر لە ١٨٠کەس خۆیان دەکوژن، هیچ کات مامۆستا و پزیشك و پارێزەر و وەرزشکارو هونەرمەندیان تێدانەبووە، زۆرینەیان لەکارگەرو کۆمپانیاکان کاریان کردووە**



# ئەو کێشانەی ئافرەتان کە پێویستە لە خولی داهاتووی پەرلەمان بایەخیان پێبدرێت

سێ خولی پەرلەمانی کوردستان کۆتایی دێت و لە خولی چوارەمیش ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان خۆیان کاندید کردووە، بەڵام ئەو خانمانە تا چەند هەوڵدەدەن پرسی ئافرەت و مافەکانی بە یاسا جێگیر بکەن؟ ئایا توانا و بەرنامەی ئەوەیان هەیە ئەو کارانەی تەواونەکراون و بەنیوەچڵی ماونەتەوە، بیخەنەوە بەرنامەی کاری پەرلەمان و بەرژەوەندی و مافەکانی خانمان بە یاسای پەسەندکراو مسۆگەر بکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لە چەند خانمی کاندید بۆ پەرلەمانی کوردستان وەردەگرین.

**پێویستە یاساکانی تایبەت بە خانمان دابڕێژرێتەوە**

مافپەروەر ژیان گەردی ماوەی ١٨ ساڵە کاری پارێزەری دەکات و سەبارەت بەکێشەکانی ئافرەتان دەڵێت «گەر ببمە ئەندام پەرلەمان دەبێت هەوڵ بۆ ئەوە بدەم، لەبەشی یاسایی هەندێ یاسای لاواز هەیە، پێویستە لەبەرژەوەندیی ژنان و داکۆکیکردن لەمافەکانیان دابڕێژرێتەوە، تەنانەت تاوەکو ئێستا یاسای توندوتیژی نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەداخەوە ئەو ئافرەتانەی کە دێنە دادگا و سکاڵا تۆماردەکەن، کارەکانیان رادەگیرێت لەدەرەنجامی ئەوەی کە تاوەکو ئێستاش لیژنەی ئاشتەوایی دانەمەزراوە».

ژیان گەردی لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بە پێویستی دەزانێت «یاسای سزادان هەندێ بڕگە و ماددەی بۆ زیاد بکرێ. نەك یاسایەکی تایبەت بەتوندوتیژی دەربکرێت و دواتریش پیاوەکان جێبەجێی نەکەن»، گوتیشی «ئەوانەی یاسا جێبەجێ دەکەن لەئەنجومەنی دادوەرییەوە هەتا خوارێ هەمووی پیاون، ئەنجومەنی قەزاش کۆمەڵی پیاون و بەحوکمی ئەوەی کۆمەڵگەکەمان کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییە، هەتا کارەکان لەبەرژەوەندیی خۆیاندا بێت، بۆ بەرژەوەندی ژنان کارناکەن، تەنانەت زۆرجاریش بەرەوڕوویان بووینەتەوەو لەڕاستییەکان ئاگادارمان کردوونەتەوە».

**زۆربەی ئافرەتانی پەرلەمانتار نەیانتوانیوە ماف و بەرژەوەندیی ئافرەتان فەرز بکەن**

د. چنار ئامێدی لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە بەحوکمی کارەکەی وەکو پزیشکێك بەکردەیی ئاگاداری رەوشی تەندروستی و رۆشنبیری و پەروەردەیی ئافرەتانی کوردەو هەر لەوبارەیەوە دەڵێت «بەداخەوە ئافرەتی ئێمە بایەخ بەباری تەندروستی خۆی نادات، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە

گوڵان: کۆمەڵایەتی

هۆشیارییەکی دروستی لەســەر گرنگی و پاراستنی جەستەی خــۆی نییە، تەنانەت کچــان لە تەمەنێکــی زوودا واتە پێش تەمەنی یاسایی و ١٨ ســاڵی بەشوو دەدرێن، کچ لەو تەمەندا نازانێ ژیان مانای چییە، شــارەزایی لەسەر ژیانی هاوسەری نییە، نازانێت چۆن رەفتار لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بکات، زانیاری لەسەر پاراستنی تەندروســتی خۆی و ماکەکانی دووگیانی و منداڵبوون نییە، بۆیە پێویســتە دیاردەی زوو شووکردن نەهێڵین و بەیاســا هەوڵبدەین کچان تا قۆناغی زانکــۆ بخوێنن ئینجا هاوسەرگیری بکەن.

د. چنــار ئامێدی لە کۆتایی قســەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە «بەهیچ شــێوەیەك» لەکارەکانی ئافرەتە پەرلەمانتارەکانی خولەکانــی رابردوو رازی نییە و گوتیشــی «لەگەڵ رێزم بۆ هەموویــان، بەڵام زۆربەیان وەکو دیکۆر دانیشــتبوون، بێئەوەی لەبەرژەوەندیــی ئافرەتان بێنە جــواب و دەنگ و رەنگی خۆیان فــەرز بکەن، جا نازانم هیچیان لەدەســەڵاتدا نەبوو، یان خۆیان ماندوو نەدەکرد».

### توندوتیژی و چەوساندنەوەی ئافرەت بنبڕ نەبووە

تــوران عەبدولوەهاب عەبدوڵڵا، گوتی «بەداخەوە تائێســتاش بەشی زۆری ئافرەتانمان لەژێر دابونەریتی باوك سالاری دەناڵێنن و لەژێــر بڕوبیانووی جۆراوجۆری وەکو ئافرەت شــەرەفی پیاوە و ئافــرەت و زەعیفەیە، ئافرەتان دەچەوســێندرێنەوە، بۆیە نەك هەر توندوتیژی و چەوســاندنەوەی ئافرەت بنبڕ نەبووە، بەڵکو تا ئێســتاش بەو بیانووانە ئافرەتان دەکوژرێن، بۆیە نەهێشــتنی ئــەو دیــاردە دزێوانەی بە کوشــتنی ئافــرەت کۆتایی دێت، پاڵنەری ســەرەکیمانە بۆ ئەوەی لە پەرلەمان بە یاسا بە گژیدا بچینەوە».

تــوران عەبدولوەهــاب بە پێویســتی دەزانێت «هــاوکاری و زەمینەســازی زیاتر بۆ نەهێشــتنی جیاوازی رەگەزی بکرێ، لەگەڵ ئەوەشــدا بە پێویستی دەزانێت مامۆســتایانی ئایینی پاڵپشــتی ئەو «مافە رەوایە» بکەن، گوتیشی «مامۆستایانی ئایینــی لە کۆمەڵگەی ئێمە پێگــەی تایبەتیان هەیە و رۆڵی کاریگەریان لە وشیارکردنەوەی تاك هەیە، بۆیە پێویســتە هاوکارمان بن بۆ ئەوەی ئافرەتانیش بژێوی باشــتریان بۆ فەراهەم بکرێ، ئێمە دەبێت کاربکەین بۆ زیاتر گرنگی و بایەخدان بەکەســوکاری شــەهیدان و ئەنفالکــراوەکان و کەم ئەندامــان و قوربیانیانی چەکی کۆکــوژ، لەبەر ئــەوەی ئەوان بەڕاســتی مەغدوورن و ئاوڕدانەوەی زیاتریان گەرەکە، هەروەها کاردەکەین بۆ هاوکاریکردنی لاوان بۆ پێکهێنانی خێزان و دابینکردنی شوێنی نیشــتەجێ بوونیان و گرنگیدان بەباری تەندروستی و بیمەی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی دادپەروەری و یەکســانی و هەلی کارکردن بۆ هاوڵاتیانی کوردستان، هاوکات دەبێت زۆر جددی و کاریگەرتر لەپێشتر کار بکەین بۆ نەهێشتنی توندوتیــژی دژ بە ئافرەتــان و کاراکردنی رۆڵیان لەکۆمەڵگەو گرنگیــدان بەدابینکردنی ژیان و پێداویســتییەکانی ئافرەتان و فەراهەمکردنی هۆکارەکانی پێشکەوتنیان، لەهەمان کاتدا کار بۆ ئەو چەمکانە دەکەین کە بارودۆخی ئافرەتان زیاتر بەرەو پێشەوە دەبەن، لەوانە چەســپاندنی بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەری و ســەروەری یاســا و مافەکانی مرۆڤ، هەروەها ئاوڕدانەوەی زیاتر بۆ دابینکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خەڵکــی کوردســتان و بەکارهێنانی داهاتەکانــی حکومەتی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە.

رێزان قــادر کوێخا عەلی دەڵێت «ئەگــەر لەداهاتوودا چوومە پەرلەمان، یەکەم شت هەوڵدەدەم ئەو کارانەی کە تایبەتن بەپرسی ئافرەت و تەواو نەکــراون و بەنیوەچڵی ماونەتەوە تەواویان بکەم و بیانخەمە بەرنامــەی کاری پەرلەمان و حکومەت، بەوپێیەی ســاڵانێکە لەبواری راگەیاندن و مافەکانــی ئافرەت کاردەکەم بڕوایەکــی زۆرم بەخۆم هەیە موعاناتــی ئافرەتانی کەمئەندام بەتایبەت ئــەو ئافرەتانەی لەدەرەنجامی میــن و تەقەمەنییەوە کەمئەندام بوون هاندەرم بوو بۆئەوەی ئەگەر گەیشتمە پەرلەمان کار بۆ ئەو ئافرەتانە بکــەم چونکە ئەو ئافرەتە هیچ ئاوڕێکیان لێنەدراوەتەوە».

نیگار حەمەد عەلی دەڵێت «پێویســتە پەرلەمانتارانی ئافرەت لەخولی داهاتــوودا ئەو نائومێدیەی کــە لەبەرامبەر ئافرەتانی پەرلەمانتار لەخولەکانی رابردوو هەیە برەوێننەوە و بە هەستکردن بەبەرپرسیارێتی ئەو ئەرکەی لەئەستۆیاندایە بەزیادەوە جێبەجێی بکەن، پێموایە ئافرەتە پەرلەمانتارەکانی خولەکانی پێشوو لەئاست ویست و داخوازییەکانی خەڵك بەگشــتی و ئافرەتان بەتایبەتی نەبوون».

ئێڤار ئیبراهیم ســەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: داواکارم هەموو ئەوانەی دەبنە ئەندام پەرلەمان هەوڵبدەن لەئاستی بەرپرسیارێتی و ئاســتی متمانەی ئەو دەنگانەبن کەپێیانــدراوە، منیش وەکو ئافرەتێــك کەخۆم کاندید کــردووە، ئەگەر دەرچــووم هەوڵدەدەم هەموو کارەکانم لەخزمەتی بەرژەوەندیی گشــتیدابێت لەسەرووی هەموویانەوە بەرژەوەندییەکانی ئافرەتان.

د. چنار ئامێدی:

**پێویستە بەیاسا دیاردەی زوو شووکردن نەهێڵین و هەوڵبدەین کچان تا قۆناغی زانکۆ بخوێنن ئینجا هاوسەرگیری بکەن**

رێزان قادر:

**ئەو ئافرەتانەی لەدەرەنجامی مین و تەقەمەنییەوە کەمئەندام بوون هیچ ئاوڕێکیان لێنەدراوەتەوە**

ئێڤار ئیبراهیم:

**داواکارم هەموو ئەوانەی دەبنە ئەندام پەرلەمان هەوڵبدەن لەئاستی بەرپرسیارێتی و متمانەی ئەو دەنگانەبن کە پێیاندراوە**



# چۆن ژینگەیەکی تەندروست و متمانە پێکراو بۆ خۆشەویستی بخوڵقێنین؟



**ئەگەر سەرنجێکی فولکلۆر و کلتووری کۆنی کورد بدەین، دەیان سمبولی ئەویینداری و سەدان چەکامەی بێگەردی خۆشەویستی دەبینین کە چیرۆکی خۆشەویستییەکانیان تەژییە لە وەفا و بەڵێنداری، ئەو چیرۆکانە، یان سینگ بە سینگ هاتوون، یان لە توێی پەرتووکەکاندا وەک (مەم و زین) و (خەج و سیامەند) و (لاس و خەزاڵ) و (شیرین و فەرهاد) و....، تۆمار کراون، هەر لە کەوناراشەوە کچ و کوڕی کورد بە خاوەن بەڵێن و فیداکار بۆ عەشقی پاک ناسراون، حەیرانی دەشتەکانی کوردستان و سیاچەمانەی هەورامان و هۆرەی شاخەکانی بادینان لێواولێون لە خۆشەویستی بێگەردی هەردوو ڕەگەزی کوردان، بەڵام بۆچی لە ئێستادا دەگوترێ تەکنەلۆژیا خۆشەویستی خەوشدار کردووە؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**

### ئەویندارییی نەوەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە

«کاتی خۆی لە گوند پێکەوە لەگەڵ ئافرەتان درەوی گەنم و جۆمان دەکرد، ئەو سەردەمانە هاوڕێیەتییەکان خوشك و برایانە بوو، خۆشەویستیش پاك و بێ فێڵ بوو، کچ و کوڕ متمانەیان بە یەکتری هەبوو، خۆشەویستی و دڵداری تەنیا بە مەبەستی پێکهێنانی خێزان و بەختەوەرەی بوو، بەڵام ئێستا زۆر جیاوازە، سەردەم گۆڕاوەو متمانە لە نێوان کوڕان و کچان نەماوە، لەسەردەمی ئێمەدا کچان و کوڕان لەسەر کانی کۆدەبووینەوە، پێکەوە باس و خۆاستمان هەبوو، سەردانی ماڵی یەکتری دەکرا، بەڵام بە شیرپاکی نەك بە حەرامزادەیی، ئێستا هەموو شت گۆڕاوە، نە ئەو ئازادییەی جاران ماوە کە کچ و کوڕێك لە چۆڵەوانییەك خۆشەویستی و بەڵێن بگۆڕنەوە، نە ئەو شیرپاکییەش ماوە کە ئیستغلالی چۆڵەوانی نەکەن».

ئەوە قسەی حەسەن عەلی تەمەن ٨١ ساڵان بوو، کە بەراوردی نێوان خۆشەویستی کۆن و نوێی دەکرد، ئەو پیاوە بەساڵاچووە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لە رابردوودا دراوسێ وەك ماڵە باوان بووە، بەڵام ئێستا دراوسێ سەردانی یەکتری ناکەن، سۆز و برایەتی و پێکەوەژیان لاواز بووە، بۆیە دڵداریش رەنگی گۆڕیوە».

### لەنێو کوردا نەبوو پەیمان شکێنی

### لەکێ فێر بووی گوڵم پەیمان شکێنی؟

نیما حسامی قوتابی پزیشکی لە زانکۆی (مینسك)ی وڵاتی بلاڕووس، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «لە کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش ئەویینداری پێناسەی تایبەت بە خۆی هەیە، لە هیچ گۆشەیەکی ئەم جیهانە بەرفراوانەش شوێنێك شك نابەین کە باسی ئەشق و دڵداری و خۆشەویستی تیا نەبێت، بەڵام بەگشتی سیستەمی سیاسی، دەسەڵاتی ئایینی، باری ئابووری، کاریگەری تەکنۆلۆژیا، فەرهەنگ و کەلتوور و نەریتی هەر کۆمەڵگەیەك کاردانەوەی لەسەر پێناسەی خۆشەویستی و

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ڕەفتاری خۆشەویستان هەیە، بۆیە هەردوو جۆری وەفادار و بێ وەفا، لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بەدی دەکرێن، واتە ئەویندارێك هەیە لە پشت دیوارێکەوە گوڵێك پێشکەشی ئەوینەکەی دەکات، هەشە دیوارەکە بە زمانی فریو دەشکێنێت و دواتر ریسواشی دەکات، بەڵام جۆری دووەمی لە ناو کوردان کەمە، چونکە لە کۆنەوە کچ و کوڕی کورد بە بەڵێنداری بەناوبانگ بوون و نموونەشمان لە چەکامەکان و چیرۆك و داستانەکاندا هەیە، مامۆستا هێمن شاعیری بەناوبانگی کورد لە خۆڕا نەیگوتووە: (لەنێو کوردا نەبوو پەیمانشکێنی. لە کێ فێر بووی گوڵم پەیمان شکێنی؟)، بۆیە دەکرێ بڵێین: کوردان لە دێرزەمانەوە تامەزرۆی چیرۆکی راستەقینەی خۆشەویستی بوون، بەدرێژایی مێژووش دەیان داستانی جوانی وەفاداری تا سەرەمەرگ بەرامبەر بە خۆشەویستی تۆمار کراون، بەڵام بەداخەوە تەکنۆلۆژی کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەو عەشقە بێخەوشانە داناوە، بەداخەوە هۆی سەرکی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلانی پەروەردەیی لە ناو خێزان و کەمتەرخەمی دەسەڵاتی سیاسی لەوبوارەدا، واتە گەنج تاوانی نییە و ژینگەی لەباری نەبووە، تەکنۆلۆژیا هاوردە کراوە، بەڵام گەنج بە پلانی بەکارهێنانی ئاشنا نەکراوە، بۆیە دەبینین لە شارەکان زۆرینەی گەنجی ئێمە گەمە بە پاکیزەیی عەشق دەکەن، کەچی هەتا ئێستاش جەوهەری ئەوینداری و خۆشەویستی لە گوندە دوورەدەستەکان پارێزراوەو عەشق لەهەر جۆرە فرت و فێڵ و فریودانێك دوورە». ئەو قوتابییە دوورەوڵاتە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لە هەموو بوارێکدا پرۆگرێس و پێشەوەچوون پێویستە، بەڵام لە ئەوینداری گەنجی کورد بە گەڕانەوە بۆ بەهاکانی پێشینیانی خۆشەیستییەکی بێخەوشی دەبێت»

**کوڕان زیاتر لە کچان پەیمان شکێنن**

ژوان کچێکی قوتابی زانکۆیەو ناوی تەواوی خۆی ئاشکرا ناکات، ئەو بە بێزارییەوە دەڵێت «خۆشەویستەکەم نهێنیەکانمی لەلای هاوڕێکانی خۆی باسکرد، وایلێهات کێشەکە بگاتە کێشەی کۆمەڵایەتی، بە هەزار مەینەتی خۆمم دەربازکردوماڵەوە وازیان هێنا». ئەو کچە گلەیی زۆری لە کوڕان هەیە و جەختیش لەوە دەکاتە کە «کوڕان زۆر زیاتر لە کچان پەیمان شکێنن»، گوتیشی «لە شارە گەورەکان بەتایبەتی وەفاداری نەماوەو ئەوین بۆتە ئاین و ئۆینی سەر فەیسبووك و سەری دڵپاکی پێدەبڕن، دواتریش ئەوەی نهێنییە دەیخەنەڕوو بۆ ئەوەی گاڵتە بە کەرامەتی کەسێك بکەن».

**جاران ئەویندارانن تەنیا دڵ و گوڵیان دەگۆڕییەوە**

چۆمان عەلی کوڕێکی قوتابی زانکۆیە و ئاماژە بەوە دەکات کە لە ساڵانی کۆن کچ و کوڕێك کە یەکتریان خۆش ویستووە، رێزی یەکتریان گرتووەو لە پێناوی یەکدی ئامادەی فیداکاری بوون، گوتیشی «ساڵان کچ و کوڕێك کە پەیمانی خۆشەویستییان دەبەست تەنیا دڵ و گوڵیان پێکەوە دەگۆڕییەوە، بەڵام ئەمڕۆ هەر لەیەکەم ساتەوە بە درۆ دەست پێدەکەن».

کاژاو سادق فەرمانبەرەو ئەویش نایشارێتەوە کە بەرامبەر بە خۆشەویستی لەم سەردەمەدا گەشبین نییە، ئەو بە نیگەرانییەوە دەڵێت «سەردەم سەردەمی خیانەت و مۆدی سێکسکردن و دەست بڕینە، هەمیشە من زۆر جار گوێبیست بووم کە کوڕێك کچێکی فریو داوە، بەدەگمەن رێدەکەوێت کەسێك عەشق بۆ هاوسەرگیری بکات، یان عەشق لەپێناوی عەشقدا بکات، کەس نازانێت ئەمجۆرە پەیوەندییە ناو بنێیت چی؟».

**خۆشەویستی پڕبووە لە ناکامی و بەیەك نەگەیشتن**

سەمیر عەلی پیاوێکی تەمەن ٤٠ ساڵانەو ئەوەدەخاتەڕوو کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی خۆشەویستی لاواز کردووە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت «جاران کوڕێك کە ئاشقی کچێك دەبوو پێویست بوو کە لەبەردەم کۆلانەکەیان هەتا ئێوارە رابوەستێت، هەتا ئەو کچە بۆ یەك جار ببینێ، بەهەتاوی نێوەڕۆی وەرزی هاوین چاوەڕوانی یەك دیدەنی خۆشەویستەکەیان دەکرد، ئەوکات کچەکەیان لە پەنجەرەکەوە ببینیبایە، ئەوەندە بەس بوو بۆ ئەوەی شەو تابەیانی بەخەیاڵیەوە نەخەوێت، بەڵام ئێستا لەڕێگەی (سکایپ، یوتیوب و فەیسبووك)ـەوە یەکتری لە خشتەدەبەن، زیاتر کوڕان گاڵتە بە کچان دەکەن، بەڕاستی تەکنەلۆژیا شەرەفی کچی هەراج کردووە، عەشق و پەیوەندی پڕبووە لە ناکامی و هەناسەساردی و بەیەك نەگەیشتنو دڵشکان و یەکتر فریودان، ئەمڕۆ هەر هەرزەکارەو چەند مۆبایلێکی پێیەو چۆنی بووێت قسەی پێدەکات»

ئومێد کەریم پسپۆڕێکی دەروونناسە و سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «کۆمەڵگەیەکی سەقەت و حکومەتێکی بێبەرنامە ژیانی مرۆڤیان خستۆتە نێو ئاقارێکی نادیارەوە، جیاوازی لە مووچە و جیاوازی لە دامەزراندن و واسیتە و تەزکیەی حزبی و نەبوونی پلانی پەروەردەیی هەمووی وایانکردووە کە کەس باوەڕی بە ژیان نەمێنێت، ئیتر لە کۆمەڵگەیەکی ئاوها بێسەروبەردا چۆن چیرۆکی خۆشەویستی بەرهەمدێت؟».

ئەنوەر حەسەن بانیمارانی توێژەری کۆمەڵایەتییەو خۆشەویستی بە غەریزەیەکی گرنگی مرۆڤ هەژمار دەکات کە «بەهۆی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە تاشە بەردێکی خراوەتەسەر و لەنێو قاسەی پڕ نهێنی دەروون و خەیاڵدا هەڵگیراوەو دەستاری چەپاندنو کەپتکردنیش خولیاو خەونو ئارەزووەکان تێکدەشکێنێتو تێڕوانینو بیرکردنەوەو دواجار پەیوەندی پراکتیکی نێوان هەردوو رەگەزی نێرو مێ چەواشەو هەڵەئامێز دەخەملێنێت». ناوبراو زیاتر بابەتەکە شیدەکاتەوە و دەڵێت «بەهۆی ئەو نەریتە سەقەتەوە سەرەنجام بوونەوەرێکی لێ خەلق دەکەین، کە پێی دەڵێین: گەنج، کە نیواونیوی و بگرە زیاتریشی پڕە لەنهێنیو لەتاریکی و لە کۆڵانی بنبەست، ئەمە بێجگە لەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی رێگرە لەبەردەم دروستبوونی تاکدا وەکو بوونەوەرێکی سەربەخۆ، چ جای تاك بتوانێت مومارەسەی خواست و ویستی خۆی لەگشت بوارەکانی ژیاندا بکات، بەهۆی ئەوەی گەنجان لە بۆشایی ئاڵوگۆڕی سۆزداریدا دەژین لەگەڵ رەگەزی بەرامبەریاندا، بۆیە زۆربەی هاوڕێیەتییەکان بەچاوی خۆشەویستی، یان بە نییەتی خۆشەویستییەوە بەڕێدەکرێت، خۆشەویستی پێویستی بە کەش و هەوای تایبەتەو تەنها ئەوکاتە خۆشەویستی راستەقینە ئیمکانی هەیە، کە دوو کەس لە کانگای بوونی خۆیانەوە لەگەڵ یەکتردا راستگۆیانە گفتوگۆ بکەن».

ئەو توێژەرە جەختی لەوەش کردەوە کە تەکنەلۆژیا و ئەو ئامرازانەی پەیوەندی پرۆسەی خۆشەویستی نێوان کوڕان و کچانی بەڕادەیەکی کاریگەر گۆڕیوە، بە جۆرێك زۆربەی پەیوەندییەکان لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا لەئەمڕۆدا لەڕێگەی مۆبایلو ئەنتەرنێتەوە دەبەسترێت، ئەمەش بەجۆرێك لەجۆرەکان هەستێکی متمانە و بڕوای خۆشەویستی تێدا بەرجەستە نابێت، چونکە لەسەر بینایەکی مەعنەوی ئەم پەیوەندییە نەبەستراوە».

دەروونناسێک:

**کۆمەڵگەیەکی سەقەت و حکومەتێکی بێ بەرنامە ژیانی مرۆڤیان خستۆتە نێو ئاقارێکی نادیارەوە**

کچێک:

**لە شارەکان وەفاداری نەماوە و ئەوین بۆتە ئاین و ئۆینی سەر فەیسبووک و سەری دڵپاکی پێدەبڕن**

کۆمەڵناسێک:

**کۆمەڵگەی کوردی رێگرە لەبەردەم دروستبوونی تاکدا وەکو بوونەوەرێکی سەربەخۆ**